# هەر دەڵێی فوودانکێکیت و دەرزییەکت پێدا دەکەن

**ئەمجەد شاکەلی**

_ _

تۆ، کە لە حەڵەبەوە، بەرەو قامیشلوو دەچیت، بە نێو ڕۆژاوای کوردستاندا تێدەپەڕیت. تەواوی ئەو ڕێگەیەی تا دەگاتە قامیشلوو، ئەمبەر و ئەوبەری جادەکە، چاڵەنەوتە و نەوتیی لێ هەڵدەگۆزرێت. ئەوێش وەک بەشەکانی دیکەی کوردستان، تژیی نەوتە و کوردی ئەوێش، خێری تاکە یەک لیرە، لەو هەموو نەوتە نابینن. وەک چۆن نەوت لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا، بووەتە هۆی دواکەوتوویی و بندەستیی خەڵکەکەی، لەوێش هەروایە. تەواوی ئەو گوند و بازێڕە کوردانەی ڕۆژاوای کوردستان(سووریا) لە یەکدی بە پرۆژەی پشتێنی عەرەبی، دابڕاون. پرۆژەی پشتێنی عەرەبی، پرۆژەی عەرەباندنی کوردستانە و هیچی لە پرۆژە عەرەباندنەکانی بەعسی عێراق کەمتر نییە، ئەگەر زیاتر نەبێت. ئەو پرۆژەیە خێروبێری حیزبی بەعس و دەسەڵاتە شۆڤینیستەکەی شامە، بۆ ڕۆژاوای کوردستان. من کاتێک بەو بەشەی کوردستاندا، تێدەپەڕم، پەسن و پیاهەڵدان و بەباشەباسکردنی، سەرانی باشووری کوردستانم بیر دێتەوە، کە بە  چ جۆرێک و سەدان جار، بە دوورودرێژی پەسنی دەسەڵاتداریەتیی بەعسی سووریا و ئەسەدی سەرۆکی(بە تایبەت ئەسەدی باوک)یان دەدا، کە چۆن هەمیشە دۆستی کورد بوون و چەندی کۆمەکیان بە کورد کردووە و چەندی داڵدە و پەناگەی کورد بوون و ئەوەم بیر دێتەوە، کە چۆن سەرانی کورد، ئەو کارە لە سەر حیسابی کوردی ئەو بەشەی کوردستان دەکەن. هیچ یەکێک لە ئێمە نییە، سەدان جار گوێی لەو قسانەی سەرانی کورد نەبووبێت. سەرانی کورد(دیارە نەک هەر سەرانی کوردی باشوور، بەڵکە هەموو سەرانی کورد)، هەمان کاریان بەرانبەر تورکیا و ئێران و عێراقیش، کردووە. ئەوان کە پەسنی دەسەڵاتداریەتیی ئەو وڵاتانە دەدەن، لەبەر خۆیانە، چونکە ئەو دەسەڵاتدارانە، بۆ ئەوان(سەرانی کورد)، نەک بۆ کورد، باش بوون و چاکەیان بۆ کردوون.